جەلال بەرزنجی:

# ئەوە دەقە شاعیر بینا دەکا، نەک ڕەخنەگر دەقی جوانیش بە ڕەخنە ناڕوخێ



سازدانی: نەوشەفەق









## پێشەکی:

شیعری کوردیی دوای حەفتاکان، بە بێ دەقەکانی "جەلال بەرزنجی" لەنگی تێ دەکەوێ. بەرزنجی لە شاعیرە هەرە کەمنووس و کورتبڕ، هاوکاتیش بایەخپێدەر بە مانا شاراوەکانی دەقە، لە ئەدەبی کورددا. دوای خوێندنەوەی شیعری وی، هەست دەکەین بە شێوەیەکی قووڵ لە پێکهاتەکانی دەق دەنۆڕێ و لە وردبوونەوەدا لەنگەری گرتووە. ماوەی زێتر لە ١٠ ساڵە چووەتە ئەوروپا، هەموو ئەو دەقانەیش کە لە تاراوگە نووسیونی، جوداوازترن لە دەقگەلی ئەزموونەکانی پێشووتری، واتە: لە تەجرەبەی چەند ساڵەی دواییی ئەم شاعیرەدا، سوودوەرگرتن وەدیار دەکەوێ، بە تایبەت لە کتێبی "ناوم بنێن ماڵەوە"دا، کە دوا ئەزموونی بوو. مەبەستیش لە سوودوەرگرتن ئەو شێوەیە نییە کە "منی خوێنەر" لە سەروەختی خوێندنەوەی دەقەکانی وی، دابڕێ لە تایبەتمەندییەکان، بەڵکو ئەم شێوەیەیە کە زێتر قووڵ ببێتەوە و جیهانبینیشی فراوانتر ببێ. لەم دیمانەیەدا "جەلال بەرزنجی"ی شاعیر، لە گەلێک پرس، کە پێوەندییان بە ئەدەب و رۆشنبیری و رەهەندەکانیانەوە هەیە، وەڵامی داوینەتەوە:

## بیۆگرافیا:

جەلال بەرزنجی لە ساڵی ١٩٥٣، لە شاری هەولێر لە دایک بووە، لە سەرەتای حەفتاکانەوە دەنووسێ، تا ئێستە پێنج کۆمەڵەشیعری بڵاو کردوونەتەوە، دەیان وتار و ستوونی رۆشنبیریی لە کۆوار و رۆژنامە و ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بڵاو کردوونەتەوە. لە ساڵی ١٩٨٦ لە لایەن دائیرەی "ئەمن"ی رژێمی بەعسی رووخاو، زیندانی کراوە، لە کۆنگرەی راپەڕینی یەکێتیی نووسەرانی کورد، لە ساڵی ١٩٩١، لە شەقڵاوە بە ئەندامی مەڵبەندی گشتی هەڵبژێردراوە، لە ساڵی ١٩٩٨وە تا ئێستە، لە تاراوگە، لە کەنەدا دەژیێ. تا ئێستە چەندەها شیعری بە زمانی ئینگلیزی، لە کۆوار و رۆژنامەکانی کەنەدا، بڵاو کردوونەتەوە. لە چەندەها کۆڕ و کۆنفرانسی ئەدەبی و رۆشنبیریدا بەشداریی کردووە، هاوکاتیش شیعری بە ئینگلیزی و کوردی خوێندووەتەوە. لە ساڵی ٢٠٠٢دا کۆمەڵەی دۆستایەتی کوردی- کەنەدیی لە کەنەدا دامەزراندووە و چەندەها جاریش خەڵات کراوە. بەرچاوترینیان "رایز ئەوارد" لە ساڵی ٢٠٠٤، کە لە لایەن سەنتەر ئیدمنتۆن بۆ

کۆچبەرەکان، خەڵاتی «یەکەمین نووسەری تاراوگە لە ئیدمنتۆن» لە ساڵی "٢٠٠٧-٢٠٠٨"دا، لە لایەن نووسەرانی نێونەتەوەییی کەنەدا "پێن"، هاوکاتیش شارەوانیی ئیدمنتۆن، وەرگرتووە. "نووسەر ئین رزدنسی" لە زستانی ساڵی "٢٠٠٩"دا لە ماڵی "برتن" لە "داسن"، لە لایەن "رایتەرس ترێست ئۆف کەنەدا"، ئێستەیش "یادەورەیی زیندان"، کە لە لایەن نووسەر و پرۆفیسۆر "سەباح ساڵح" وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ئینگلیزی، لە چاپخانەی "زانکۆی ئەلبیرتا" لە ژێر چاپدایە.

- ناکرێ هەمان گەرمی و خرۆشانی روح و ترپەدڵی زمانێک بە تەواوی وەربگێڕدرێتە سەر زمانێکی تر.
- سوودوەرگرتن لە تەکنیک و ستایلی نووسین و ئەزموونی نەتەوەکانی تر، شتێکی تازە نییە، لە ئەدەبی کوردی و ئەدەبی نەتەوەکانی باشوور و خۆرهەڵاتی زەوی، بەڵام زۆر جار بە هەڵە ئەو ئەزموون و ستایلانە دەگوازرێنەوە.
- شیعر و پەخشان لە کتێبخانەی کورد ببەیتە دەرەوە، کتێبخانەیەکی هەژارمان بۆ دەمینێتەوە، چونکە تەنیا بە شیعر ناتوانین کولتوورێکی شارستانیی پێکەوە بنێین.
- وەک چۆن هیچ شتێک ناتوانێ ببێ بە "ئەڵتەرناتیڤ"ی ژیان، وەهایش هیچ نووسین و رەخنە و لێکۆڵینەوەیەک ناتوانن ببن بە "ئەڵتەرناتیڤ"ی دەقی جوان.

* کەسانێک هەن زۆر بە داخراوەیی و سانایی پێکهاتە و لایەنەکانی مەجازیی دەق هەڵدەسەنگێنن، بە واتەیەکی تر: تەنیا دەڵێن "ئەم دەقە جوانە"، "ئەم دەقە ناشیرینە"، بە بێ ئەوەی جارێک بپرسن: بۆچی جوانە؟ بۆچی ناشیرینە؟ هۆکاری ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنانە بۆ چی دەگەڕێنیتەوە؟

- دەبێ بزانین کێ ئەو قسەیە دەکات، چونکە ناکرێ بۆ رەخنەگری پرۆفیشناڵ، کە بەم جۆرە دەق هەڵبسەنگێنێ، دەبێ بە نووسین و وێنە بە خوێنەر بڵێ ئەم دەقە جوانە و نووسەر داهێنانی کردووە، یان بۆ جوان نییە و نووسەر لە نووسینی دەقەکەیدا سەرکەوتوو نەبووە.

رەخنەگر دەبێ بە بیرۆکە و هزر و کەرەسەی هونەری هەوڵ بدات بۆ نزیکبوونەوە لە شتە پەنهانکراوەکانی نێو دەق، هاوکاتیش لە ساتەکانی نووسین و مەبەستی دەق نزیک بکەوێتەوە و رێگە بۆ زەوق وەرگرتنی خوێنەر لە دەق، خۆشتر بکا، تا وای لێ بکا بڵێ ئەم

دەقە جوانە، یان بۆ جوان نییە. بەڵام ئێمە جارێ ئەو ڕەخنەگرانەمان نییە، هاوکاتیش زۆرێک لە شاعیران، زۆر جار بۆ خۆشم کە دەڵێین: "ئەو دەقە جوانە"، ئەوا ئەم رایە، رایەکی سەرپێیی نییە، چونکە وشەی "جوانە" لێرەدا مانای خۆی هەیە. لە پشتەوەی زەوقێکی گەورەوە هاتووە.

**ڕەخنەی دروستکار و روخێنەر زۆرتر لە نێو ئەدەبی کوردی هەن**

* کەنگێ دەتوانین بڵێین ئەم ئەدەبە "زارەکییە" و ئەویدی بە "نووسراوکراو"ە؟ هاوکات ئەو ڕەخنەیە بنیاتنەرە و ئەویدی رووخێنەرە؟ ئەم دابەشکردن و هەڵسەنگاندنانە لە چییەوە سەرچاوەیان گرتووە، هاوکاتیش کەنگێ و چۆن و بۆچی دەتوانین ئەم پرسیار و پێودانگانە دەرببڕین؟ ئەگەر پێویستیش نییە باسیان لێوە بکەین، هۆکارەکان کامانەن؟

**ڕەخنەگر دەبێ بە بیرۆکە و هزر و کەرەسەی هونەری هەوڵ بدات بۆ نزیکبوونەوە لە شتە پەنهانکراوەکانی نێو دەق**

– نازانم بە تەواوی مەبەستت لە ئەدەبی زارەکی کامە ئەدەبە، ئەگەر مەبەستت لە پەندی پێشینان و شیعری فۆلکلۆری و قسەی نەستەق بێ، کە لە رێگەی زار دەگواسترێنەوە، ئەوانە بەشێکن لە کولتوور، بەڵام من تەنیا ئەو ئەدەبەی بە وشە و هەستی ئێستێتیکی تەلار دروست دەکا و دەبێ بە دەقی تۆکمە، بە ئەدەب دەزانم.

ڕەخنەی دروستکار و روخێنەر زۆرتر لە نێو ئەدەبی کوردی هەن. بە بۆچوونی من؛ ئەو دابەشکردن و هەڵسەنگاندنە پێشینەیەکی سیاسییان هەیە. ئەوە دەقە شاعیر بینا دەکا، نەک ڕەخنەگر. دەقی جوانیش بە ڕەخنە ناڕوخێ.

**ڕەخنە لە پەراوێزی لەشی دەقدا دەنووسرێ**

* ڕەخنەگرانمان بە دەر لە کاری خۆیان

"رەخنەگـــر"یی، هاوکـــات "بەدیل دۆزەرەوە"یشن، پێت وایە ئەم دووانە گەرەکیان بە کەسی تایبەتمەند و ئەکادیمیستی تایبەت بە خۆیان هەبێ؟ کەنگێ دەقی ئەدەبیی "ئەڵتەرناتیڤ" دەخوازێ؟

– زۆر جار رەخنەگرانی بە توانا، جگە لە کارکردن لەسەر دەق، هەندێک تیۆری رەخنەیی و بنەمـای هزریش دەدۆزنەوە. ئەوکـارە تەنیـا بە "ئەکـادیمی"بوون ناکـرێ. دۆزینەوەی رەهەندەکانی هزر و بنەمای و فەلسەفیی تیۆرەکان، چوونە نێو دیدی کارئەکتەرەکانی نێو دەقـە، هاوکـاتیش؛ شـتێکە لـە پاڵ ئەکادیمیەتدا بەهرە و چێژوەرگرتن و کـەرەسـە "تول"ی هونەریی خۆی گەرەکە. رەخنەکار، بۆ چوونە نێو قووڵاییی دەق و بە کارهێنانی کلێشـەی ئامادەکراو، ئەو وشە و بیرۆکانەی لە نێو کتێبان پێیان سەرسام بووە، ناکرێن بە کەرەسە.

بۆ بەشی دووەمی پرسیـارەکەت؛ وەک چۆن هیچ شـتێک ناتوانێ ببێ بە "ئەڵتەرناتیڤ"ی ژیان، وەهـایش هـیچ نـووسین و رەخـنە و لێکۆڵینـەوەیەک نـاتوانن بـبن بە "ئـەڵتـــەرناتیـڤ"ی دەقی جوان.

لە شـوێنێکی تر و کاتێکی تریش گـوتوومـە: «دەق پێش رەخنە لە دایک دەبێ. رەخنە لە پەراوێزی لەشی دەقدا دەنووسرێ». زۆر لە فـەیلەسـووفەکان سوودیان لە وێنەی شیعری و رامانی شاعیران وەرگرتووە، بۆ نووسینەوەی بنەمای فـەلسەفەکانیان. زۆر لە شـاعیرانیش دیدی فەیلەسووفانەیان هەیە، بەڵام بە رێگەیەکی کورت «شۆرت کەت».

* ئەو رێگەیانە کامانەن کە دەبن بە پردی پێوەندیی قووڵی نێوان "نووسەر و وەرگێڕ"؟ بۆ ئەوەی سیحرێکی ئاگاییانە بچەسپێنن لە فیکری خوێنەر، تا تێکەڵبوون و هاوەستییەکی رەگئاژۆیی بخولقێ، ئەو خاڵە سەرەکییانە چین کە لەوەها کاتێکدا کۆمەکمان دەکەن؟

– شـاپردی نـێوان وەرگـێڕ و نووسـەر زمـانە، تێگەییشـتنی روحی نووسـەرە. دووەمـیـان کـاریگـەریی زیاتری هەیە، چونکە مـەرج نییـە هەمـوو زمـانزانێک وەرگـێـری باش بێ. وەک دەڵێن: «وەرگێڕ نووسـەری دووەمی دەقە»، کەواتە وەرگێر دەبێ هەندێک بەهرە و زەوقی تێدا بێ و شـارەزای دنیا و باکگراوند و روحی نووسـەری یەکەم بێ، بۆ نووسـینەوەی دەقەکەی، هاوکاتیش نزیککردنەوەی لە زمانی یەکەمی.

وەرگێڕانی دەقی شیعری زەحمەتە، ناکرێ هەمـان گەرمی و خرۆشـانی روح و ترپەدڵی

زمانێک بە تەواوی وەربگێڕدرێتە سەر زمانێکی تر.

تا ئێستە بڕوام بەو وتەیەی شاعیری داغستانی "رەسول حەمزاتۆفە" کە لە هەشتاکان خوێندوومەتەوە و دەڵێ: «شیعری وەرگێڕدراو، وەکو گوڵی دیوی ژوورەوەی مافورە».

* لە ئەمڕۆدا شیعر و قسەی ئاسایی تێکچڕژانێکی ریشەییبیان بە خۆوە گرتووە، ئەگەرچی ئەم جۆرەی دەقنووسین لە ئەورووپا ئەزموونکراوە، بەڵام شاعیرانی ئێمەیش سوودیان لێی وەرگرتووە. لێرەدا دەپرسم: ئەم تێکەڵاوبوون و سوودوەرگرتنە تا چ ئاستێک لە خزمەتی ئەدەبی کوردیدا بووە؟

– پێکهێنانی دەقی جوان و هونەریی روون و ئاسان، بە مەرجێک نەگاتە رووکەشی و لاساییکردنەوە و "موحاکات"ی شتەکان، کاتێک کە شتە ئاڵۆزەکان بە تواناییی داهێنەر دەردەخەن. ئەو ستایلەش یەکێکە لەو ستایلانەی ئەمڕۆ لە ئەورووپا و ئەمریکا و کەنەدادا شیعری پێ دەنووسرێ، بەڵام ئەوە تاکە ستایلێک نییە، رەنگە ئەویان زیاتر کاریگەریی ستایلی ژیانی "لایف ستایڵی" ئەو وڵاتانەی پێوە دیارە بێ، بەڵام وازیشیان لە ستایلەکانی تر نەهێناوە.

شاعیری ناسراوی کەنەدی "ئالیس میچەر"، تەنیا شیعرێکی درێژی بە فۆرمێکی قورس لە دووتوێی کتێبێکی "٢٥٢" لاپەڕە، لە ژێر تایتلی "حیکایەتی تاوەری نووسینگە"، لە ساڵی ٢٠٠٨دا بڵاو کردەوە، لەوێدا گەلێک سوودی لە میتۆلۆجیای گریک وەرگرتووە، ئەم شیعرەی وی، ماوەیەک پڕفرۆشترین دیوانی شیعری بوو لە کەنەدا... باشتر وایە لە دەربڕینی راکانمان پەلە نەکەین، بۆیە دەبێ ئاگەداری سەرجەم بزوتنەوەی شیعریی جیهانی بین، ئینجا رای وەها بدەین.

سوودوەرگرتن لە تەکنیک و ستایلی نووسین و ئەزموونی نەتەوەکانی تر، شتێکی تازە نییە لە ئەدەبی کوردی و ئەدەبی نەتەوەکانی باشوور و خۆرهەڵاتی زەوی، بەڵام زۆر جار بە هەڵە ئەو ئەزموون و ستایلانە دەگوازرێنەوە. بۆ نموونە؛ ئێستە هەندێک شاعیر بە شیعری کورت دەڵێن: "مۆبایلە شیعر"، نازانم ئەوەیان لە کوێ هێناوە؟ بۆ خۆی وشەی "مۆبایل" واتە "گەڕۆک"، ئەم دەستەواژەیەیش بۆ تەلەفۆنی دەستی بەکار دێ، لە کەنەدا و ئەمریکادا "سێڵ فۆن"یش بەکاردەهێنن، خۆ ئەگەر ئەو شاعیرانە بیانگوتبا "مەسیجە شیعر" یان

"نوکە شیعر"، ئەوا دەستەواژەیەکی پەراوێزی گلۆبالیزمە.

دواجار، کە لە کوردستان بووم زۆر گوێم لەو وشەیە دەبوو. بە هەرحاڵ، دەبوو مەبەستەکەیان زیاتر پێکابا... یان "هایکۆ"، هایکۆ فۆرمێکی "ترادشنەلی" جاپانییە و پەیدابوونی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٩٢ و سەرەتای سەدەی نۆزدە، شاعیرە جاپانییەکان مەبەستیان لە هایکۆ ئەمە بوو «ئەو شتانەی خەڵک پێی ئاشنا نین و تێی ناگەن، لە رێگەی شیعرەوە بۆیان ئاسان بکەن، تا لێی تێ بگەن»، ئەو ستایلەش کۆمەڵێک پرەنسیپ و تایبەتمەندیی خۆی هەیە، واتە؛ ئەوە نییە کە هەر یەکێک شیعرێکی کورتی نووسیبێ، گوتبێتی هایکۆم نووسیوە.

لای خۆمان نووسەرەکان بە هەڵە لاسایی ئەزموونەکانی تر دەکەنەوە. لێرەدا ئەوە ئیشی رەخنەگرە کە ئەو شتانە بۆ خوێنەر روون بکاتەوە و بە شاعیرانیش بڵێ: «ئێوە بە هەڵە لە ئیشەکە گەیشتوون، ئەوە هایکۆ نییە، بوەستن». بەڵام لەبەرئەوەی ئێمە رەخنەگری شارەزامان نییە، ئیشەکە بووە بە فشە.

بە رای من، ئەوەش بەشێکە لە گەندەڵیی نێو رۆشنبیری، ئێستەیش ئەو شاعیرانەی لاسایی ئەو ستایلەی لە پێشەوە باست کرد، دەکەنەوە، لەبەرئەوەیە کە هەمان ژیانی ئەو شاعیرانە نەژیاون و بە شێوەیەکی نۆرماڵ نەگەیشتوونەتە ئەو ستایلە، بۆیە هەست دەکەی زۆر جار خۆیان نین. ئەو ماوەیەش هەست دەکەم بووە بە جۆرێک چاولێکاری لە نێوان شاعیرانی کورددا.

ئەزموونێکی خۆم بە نموونە دەهێنمەوە؛ لە کۆمەڵە شیعری "سەمای بەفری ئێواران"دا کە لە "١٩٧٩" چاپ بوو، ئەوکات هێشتا هیچم لەسەر شیعری "هایکۆ" نەخوێندبووەوە، لە شیعری کوردیش جگە لە پۆستەرە شیعرییەکانی شاعیری ناسراو "شێرکۆ بێکەس" کە ئەوانیش لە پێنج – شەش دێر زیاتربوون، چی ترم نەبینی بوو، بەڵام لە سکتان و گوندێکی بێ کارەبای ناوچە شاخاوییەکاندا مامۆستابووم، شیعری دوودێریشم نووسیوە:

«گەورەتر نیت لە خەمی ناو جانتای شاعیرێک

داماوتر نیت، لە رێگەیەکی چۆڵ و هۆڵ».

١٩٧٦ سکتان

خۆشـتربوو رەخنەگرێکی کورد باسی ئەو شـتانەی کردبا، بەڵام کە نەبێ ناچارم بۆ خۆم بە نموونە بیانهێنمەوە. دوایی لە ئەزموونی دیوانی "ناوم بنێن ماڵەوە"دا کە ساڵی "٢٠٠٥-٢٠٠٦" گەیشـتووەتە ئەوەی شـیعری نیودێریش بنووسم. مامۆسـتا "کەمـال غەمبار" لە گۆڤاری "رامان" لەسـەر ئەم دیوانەمی نووسیبوو، یەکێک لە شـیعرە کورتەکانی منی بە کورتترین شـیعری نەک ئەدەبی کوردی، بەڵکو لـە ئەدەبی جیـهانیش دانابوو، دواییش رەخنەگری خاوەن بەهرە "شێروان ئیبراهیم حەیدەری"یش رەخنەیەکی جوانی لەسـەر ئەم ئەزموونەی من نووسیبوو. تا ئێستە ناوم لەو ئەزموونانەناوە، ئێستەیش باسەکە پێوەندیی پێوە هەبوو، بۆیە هاتمەوە سەریان.

سـوودوەرگرتن لە ئەزموونی بزووتنەوەی ئەدەبی جیـهانی، گـرفتێک نییـە، بەڵام ئەدەب پێویست بە هەڵپە ناکا، خـوێنەری رۆژئاواییش حەز لەو ئەدەبە ناکەن و پێیان وایە کە شـاعیرانی وەها، بە فاشیلی لاسـاییی وان دەکەنەوە، ئەوان "خوێنەرانی ئەوروپی" حەزیان لێیە هەر نەتەوەیەک لە سـەر عاردی "گراوند"، خۆی بە دیدێکی فراوان و مرۆڤ دۆستانەوە، شتەکانی خۆی بنووسێتەوە.

لە هەشـتـاکـان، هەرچەندە شـیـعر لە ژێر ئەتمۆسـفـیری ترس دەنووسـرا، هاوکـات بۆ بڵاوکـردنەوەش دەبووایە بە ژێر مەقـەسـتی "سـەنسـۆر"دا بڕوا، بەڵام نووسـینی شـیـعری فرەسـتایل هەبوو، هەریەکێک لە شـاعیران خـەریکی ئەزمـوونـی خـۆیان بوون، بەڵام ئەگەر تەماشای شیعری کوردیی ئەمڕۆ بکەی، هەست دەکەی زۆربەی شاعیرەکان بە یەک ستایل شـیعری کورت دەنووسن، هەست بە جۆرێک لە لاسـاییکردنەوە و یەکتـامیی دەکەی، واتە: جیاوازیی کەم دەبینی.

زاڵبوونی تەنیا یەک سـتایلی شـیعر نووسین، رەوشـێکی تەندروست نییە لە بزوتنەوەی شیعری نوێی کوردیدا.

* شـیـعـری ئێـسـتـە، بە شـێـوەیەکی بەرفـراوان رووی لە خـەمـە بچـووکـە خودییەکان، یاخـۆ شـاعـیر کردووە، بە پێـچـەوانـەی شـیـعـری پێشـوو کە گرینگیی بە خـەمـە کۆکان دەدا. ئەم گۆڕانکارییـەی ئێستە لە بنیـاتی دەقـە "هاوچەرخ"ەکانەوە هەستی پێ دەکرێ، تا چەند خزمەت بە دەقی ئیبداعیی دەکا؟

– پێشتریش زۆر شاعیر خەمی خۆیان، تەنانەت ئەو خەمانەیش کە لە نێو ژیاندا کەڵەکەبوونە، لە ناخیاندا هەڵیان گرتووە و دێمیان داوە و بوونەتە شیعری جوان.

هەمووومان لەسەر ئەوە کۆکین کە گەڕانەوە بۆ خود و ئەزموونی کەسێتی و وردەواڵەکانی ژیان، رەنگە ببێتە هۆی لەدایکبوونی دەقگەلی جوان، بەڵام نموونەیشمان هەیە؛ زۆر جار شاعیری بە توانا هەبوون کە لە ئەنجامی موعاناتکردنی خەمی ئەوانی تر، یان وەک تۆ ناوت ناوە "خەمە کۆکان"، داهێنانیان کردووە. ئەوە وابەستەییە بە توانای شاعیر، لە هەردوو حاڵەت – شاعیر– پێویستی بە دیدی جوان و هونەری و وەستایانە هەیە، بەڵام هەمووومان لەسەر ئەوە کۆکین شیعری بۆنەکان راستەوخۆن و دوور دەکەونەوە لە خود، دواجاریش زۆر ناژیێن.

* پێت وایە هۆی داتەپینی بناغەی هەردەقێک، بەشێکی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە بنیاتی دەق لە مانا داخراوەکانەوە سەرچاوە بگرێ؟ بە واتەیەکی تر: بۆ ئەوەی پێکهاتەی دەق بپارێزین لە کاڵبوونەوە، چی بکەین باشە؟

– دەقی باش لە پشتەوەی یاسا و دەستوورەکان دەنووسرێ. زۆر توخم "ئەلمنت" بەشداریی دەکەن لە لەدایکبوونی دەقی سەرکەوتوو، وەک: بەهرە، رۆشنبیریی، زمان، ئەزموون، زانیاری و بیناسازی، خود، ژیان و خەیاڵ و... هتد، بەڵام زۆر جار لە کاتی دەقنووسیندا، لای هەندێک نووسەر یەک تا دوو لەو توخمانە ون دەبن، ئەمەیش کار دەکاتە سەر چۆنایەتیی "کواڵەتی" دەق، بەڵام لە هەمووان خراپتر و تەمەن کورتتر، ئەو دەقانەن کە راستەوخۆ و بێ کوڵاندنی کەرەسەکان، واقیع کۆپی دەکەن.

* بۆچی رەخنەی بەراوردکاری کاری لەسەر نەکراوە، بە شێوەیەک سەرچاوەمان لەم بارەیەوە هەبێ، لە کاتێکدا دەبوو ئێستە زیاتر لە جاران بایەخی پێ درابا؟

– بۆ خۆیشت وەڵامی پرسیارەکەت داوەتەوە. منیش لەگەڵ روانگەی تۆدام، چونکە رەخنەی بەراوردکاری بەشێکی زیندووی ئەدەبە و لە زانکۆکانی وڵاتانی تر نازانم، مەگەر لە زانکۆکانی کوردستان دەخوێنرێن؟

نەبوونی ئەو زانستە بەشێکە لە قەیرانی نەبوونی زانیاریی جیدی لە وڵاتی ئێمەدا. شیعر و پەخشان لە کتێبخانەی کورد ببەیتە دەرەوە، کتێبخانەیەکی هەژارمان بۆ دەمێنێتەوە،

چونکە تەنیا بە شیعر ناتوانین کولتوورێکی شارستانیی پێکەوە بنێین.

* لە ئێستەدا، داهێنان و ڕێکلام هاوئاستن لە خستنەڕووی ئاستییەکانی دەق لە کوردستاندا، بەڵام ئەو ڕێکلامەی لێرەدا مەبەستمە، دابەشبووە بەسەر خوێنەر و ڕاگەیاندن و دەسەڵاتی سیاسیی حزبەکان. نووسەری ئیبداعکار بۆ ئەوەی پردێک دروست بکا بۆ بەیەکتر گەیشتنی داهێنان و ڕێکلام، چی دەبێ بە کۆمەککارێکی تەندروست؟

- ڕێکلامی حزبەکان و دەهۆڵ لێدان و خستنە خزمەتی دەزگای پەخش و بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن، بۆ هەندێک نووسەر دەرفەتێکی باش بووە، بۆ ئەوەی دەقەکانیان بە ئاسانی بگاتە خەڵک، بە پێچەوانەوەیش، زۆر جار دەقی جوان هەبووە ئەو ڕێکلامەی بۆ نەکراوە، تەنیا لە هزری چەند خوێنەرێکی جیدی و مۆرانەی نێو کتێب بە نەمریی ماونەتەوە.

داهێنەری گەورە و نووسەری جیدی، بڕوا ناکەم تاقەتی ئەو یارییەی هەبێ. کۆمەککاری تەندروست گەشەپێدان و پەساپۆرتی ئازادیی را دەربڕین "فریدەم ئۆف ئێکسپرێشن" و دوورکەوتنەوەی حزب لە ناوەندە ڕۆشنبیرییەکان و کڕین و گەندەڵکردنی نووسەر و ڕۆشنبیران، ڕێزگرتنی دەوڵەت و حزب لە داهێنەر، هەق وایە لەبەر ئاستی داهێنانەکانی بێ، نەک لەبەر ڕێژەی دوور و نزیکیی ئەو کەسە لە حزب و دەوڵەت.

* ئەگەر خودی نووسەر بەردەستترین و سەرەکیترین کەرەسەی خاو بێ، بۆ بنیاتنانی تەلارێکی بەرز بە وشە، خەیاڵی نووسەر لە کوێوەی تەلارە بەرزەکەدا بەرجەستە دەبێ؟

- لە وەڵامی پرسیارێکی پێشتردا خەیاڵم بە توخمێکی "ئەلمنت" دانابوو... بۆ نووسینی دەق، بە بێ خودێکی خەیاڵاوی ناتوانین ئەو تەلارە بەرزەی کە تۆ باسی دەکەی، بە وشە بنیات بنێین. توانای خەیاڵکردنیش لە چۆنیەتی بەهرەی نووسەر سەرچاوە دەگرێ.

* دیکارت ڕوانینێکی وەهایە: "من بیر دەکەمەوە، کەواتە هەم"، بەڵام ئەوەی شاراوە ماوەتەوە، ئەمەیە: کام "بیرکردنەوە" دەتوانێ "بوون"ێکی پڕ جووڵە و ئیبداعکاریی بەردەوام بەرهەم بهێنێ، هاوکاتیش بیرکردنەوە لە کن تاکی هۆشیار تا چەند پێوەستە بە "ئاگایی" و "ئەوانی ترەوە"؟

– ئەو وتەیە کلیلی چوونە نێو دنیای وجودییەتە، کە دیکارت ئەندازیارەکەیەتی و دوایش "سارتر" ئەو تێڕامانەی بۆ ژیان هێنایە نێو ئەدەب و لە بەرهەمە ئەدەبی و دەقە فەلسەفییەکانیدا برەوی بەو هزر و خود و ئەو ساتانە دا، کە تێیاندا دەژیا.

قووڵبوونەوە لە خود و ساتەکانی بوون و نەبوون، وەهای لە "سارتر" کرد بڵێ: "ئەوانی تر دۆزەخن"، بەڵام نووسین لەگەڵ ئەوەی لۆژیک نییە، چی تریش بە تەنیا هەڵوەستە و وڕێنە نییە.

نووسەر دەبێ ئاگەدار بێ کە چی دەنووسێ. کە مرۆڤ هۆشیار بوو، هەڵبەتە ئاگەداریش دەبێ. مەرج نییە ئاگەداریی نووسەر پێوەندیی بە ئاگایی ئەوانی ترەوە هەبێ، زۆر جار وا هەست دەکەی کە خەرەندێک لە نێوانیاندا هەیە.

* چی لەو واقیعە تاڵە بکەین کە خەیاڵ و فەنتازیا ناتوانن بیگۆڕن؟

– خەیاڵ و فەنتازیا دوو توخمی سەرەکین لە پرۆسیسی نووسینی دەق، کە لە نێو دەقدا بەرجەستە دەبن، ئەگەر نەشتوانن واقیعی تاڵ بگۆڕن و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بهێنن، ئەوا توانایان هەیە جوانی بێننە نێو ژیان. بۆ ئەوەی دنیا جوانتر بکەن و لە کۆتاییدا روحییەت و دیدی هەندێک مرۆڤ بەرەو شتە جوانەکان ببەن و لە مێگەل دایان ببڕێن، بۆیە هێشتا دەسەڵات و رژێمەکان لە نووسین و ئازادی را دەربڕین دەترسن، نووسەران و رۆژنامەنووسانی ئازاد تیرۆر دەکەن. تەنیا ساڵی پار ٥٠ رۆژنامەنووس لە سریلانکا تیرۆر کراون، لە زۆرێک لە وڵاتی تریش رێگە لە سەربەستی را دەربڕین دەگرن و نووسەرانی ئازاد، زیندانی دەکەن، یان دەکوژن، یاخۆ دەیانکڕن و ماڵییان دەکەن، یان ناچاریان دەکەن ماڵی خۆیان جێ بێڵن.

* "دۆریس لێسینگ" روانینی وەهایە: «هەندێک کەس بانگەشەی ئەوە دەکەن کە رەخنە رەسەنایەتیی لە مرۆڤدا کاڵ دەکاتەوە، بەڵام ئەگەر من رەسەنایەتی و داهێنانم هەبن، ئەوا لە رێگەی رەخنەوە بەدەستم هێناون».
ئەم رستەیەی لێسینگ لە کوێوە ناکۆک، یان تەبا دەکەوێتەوە لەگەڵ "داهێنەر" و "داهێنان"ی ئەدەبیی؟

– پرسیارەکانت زۆر لەسەر رەخنەن، لەبەرئەوەی لە ئەدەبی کوردیشدا جارێ بە دەگمەن رەخنەی زانستیمان هەیە، بۆیە قسەکردنمان زیاتر شتی تیۆری دەبن، منیش زۆر حەزم لە

شتی تیۆری نییە.

ڕەنگە ڕەخنەی جوان کاریگەریی هەبێ لەسەر گەشەکرنی ئەزموونی نووسەر، بەڵام بە گومانم لەوەی بتوانێ نووسەر دروست بکا.

نازانم، ئەگەر "دۆریس لێسینگ" بۆ خۆی داهێنەر نەبێ، چۆن ڕەخنە کردوویەتی بە داهێنەر، چونکە وەکو پێشتریش گوتم: "ڕەخنە پاشکۆی دەقە". ڕەنگە "لێسینگ" مەبەستی تێبینی و ئاراستەکردن و ڕاوێژکردن بووبێ، بۆ نووسینی دەقی ئەدەبی، ئەمەیش بۆ ڕێکخستنی ستایلی نووسین کاریگەریی هەیە، بەڵام نووسین شتێکە لە ناوەوەماندا چەکەرە دەکا و گەورە دەبێ و دەبێ بە وشە.

* یەکێک لە ڕوانینەکانی "دێرک واڵکۆت" وەهایە: «ئەدەب دەمی زامێک هەڵدەداتەوە، قووڵتر لەو زامەی مێژوو هەڵی دەداتەوە». ئێمە دەتوانین بەم شێوەیە بڵێین: لێکۆڵەر و ڕەخنەکاری کوردی قووڵتر دەچنە نێو پێکهاتەکانی دەقەکانەوە؟

– من لەگەڵ قسەکەی "دێرک والکۆت"م، بەڵام بۆ بەشی دووەمی پرسیارەکەت، نازانم. لەبەر دووری و ئاگەدارنەبوونم لەو لێکۆڵینەوانەی دەنووسرێن، ئەوانەی لە سایتە کوردییەکان دەیانبینم ناگەنە ژمارەی پەنجەکانی دەست، هەندێکیان پەخشان و پیاهەڵدان و بۆنی ماستاوساردکرنەوەیان لێ دێ، یان لەبەر وشکی و بە ڕۆشنبیری خوازراو و بە قسەی ئەم بارکراو، لە ئاڵۆزی و وشکییان، زۆر بە زەحمەت بۆت دەکرێ بگەی بە سەرە داوێک. درۆم لەگەڵت نەکردبێ، زۆریانم پێ تەواو ناکرێ.

* پێوەندیی نێوان "دەق" و "چێژ" لە نێو ئەدەبی ئێمە، تا دێ کاڵ و کاڵتر دەبێتەوە، تا ئێستەیش ئێستگەلێک بۆ ئەم دوو زاراوانە نەکراون، لە لایەن ڕەخنەکارانمانەوە – ئەگەر بڕیارە ڕەخنەکارمان هەبێ–. بۆ ئەوەی تێکەڵاوبوونێکی ڕەگئاژۆیی بخولقێنین، پێویستە لە کوێوە دەست پێ بکەین؟

– ڕەخنەگری وشیار و بە سەلیقە و ڕۆشبیری خاوەن تێڕامانی ڕوونمان نییە، تا ڕۆڵ ببین لە تۆخکردنی چێژوەرگرتن، لە دەقی جواندا.

دەیان دەقی جوان و گران هەن کە کاریگەریی جوانیان لەسەر بزوتنەوەی شیعری

کوردی بەجێ هێشتووە، بەڵام لەبەر پێ نەوێرانی زۆربەی رەخنەگران، هاوکاتیش لەبەر بێ زەقی و بێ رۆشنبیرییەکی ئەستوونیی، یان لە بەرچاوگرتنی گەندەڵیی نێو ئەدەب، فەرامۆش کراون.

ئەو چەند کەسەی رەخنە دەنووسن، وەکو ئەوەی ناوی هەندێک نووسەریان بۆ دانرابێ، بە هەندێک ناویانەوە گرتووە، هەر ئەوانەیشن بە زۆری لەو فێستیڤاڵانەی بە پارەی حزبییەکان رێک دەخرێن، پێیان هەڵدەدرێ و خەڵات دەکرێن.

* دەق دەتوانێ ببێ ئەڵتەرناتیڤ لە بەرانبەر نامۆیی و بێزاریدا تا دەقنووس لە سەروەختی تەنگانەدا دەستی بۆ ببا؟

- هەر لە کۆنەوە یەکێک لە وەزیفە هەرە گرینگەکانی دەق، کوشتنی بێزاری و دواخستنی مەرگ بووە. لە رۆژهەڵاتدا چامەی "گلگامیش"مان هەیە، لە ئەدەبی رۆژئاواشدا دەیان دەق بۆ شەڕکردن لەگەڵ بێزاری و مردندا نووسراون.

دەقی نەمر جۆرێک لە دەرمانی دوورخستنەوەی مردن و سڕکردن و بێزاری لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێ. خۆشی و چێژوەرگرتن لە دەق، زۆر جار خوێنەر دەگەیەنێ بە "رەحەتبوونی روحی".

وەزیفەی ئەدەب لە نووسەرێکەوە بۆ یەکێکی دی دەگۆڕێ، هەروەها پێشکەوتنی ژیان وەزیفەی نوێی بۆ دروست کردووە.

زۆربەی نووسەران لە دەقدا باسی ئەو ژیانە دەکەن کە لە واقعدا ونیان کردووە و لە نێو دەقدا دروستی دەکەنەوە، هەندێک جاریش دەق دەبێ بە ئەڵتەرناتیڤێکی کاتیی، لە بەرامبەر نامۆییدا.

* رۆشنبیرانی کورد توانیویانە بە کەرەسە مۆدێرن و چەمکە جیهانییەکان دۆخی گشتیی ئێستەی کوردستان بخوێننەوە، هاوکاتیش قەیرانەکان بەرەو چارەسەر کێش بکەن؟

- نەخێر. زۆربەی رۆشنبیران لە دەرەوەی کێشەکانەوەن، هاوکات ئەو وەختانەی لە کێشەکان دەدەوێن، بۆ پێکانی ئەو مەبەستە دروستبوونی "لوبی کوردی" گەرەکە.

دەبێ رۆشنبیران خۆیان لە گوتاری حزبی و عاتیفی و پەخشانئامێز رزگار بکەن و بە

کەرەسە "تول"ی نوێ خۆیان پەروەردە بکەن و بچنە نێو جیهان، چونکە بە دەستی بەتاڵ یان پانکراوەوە دنیا هەرئەوەندەت بۆ دەکا کە سکی پێت دەسووتێ و دەتخاتە سەر "پرۆگرامی یارمەتیی سۆسیال"ەوە...، هەمان پرۆگرام لە باکووری ئەمریکاش پێی دەڵێن "ولفر".

* رۆشنبیرانی کورد دەزانن بیر لە چی دەکەنەوە و لە پشت بیرکردنەوەکانیاندا چ مەبەستێک خۆی نواندووە؟

– رەنگە ئەمە بۆ شاعیر زەحمەت بێ و شیعر دوای لەدایکبوونی فرەماناوەیە و گەلێک رەهەند لەگەڵ خۆی دەهێنێ، بەڵام ئەگەر رۆشنبیر رامان و دیدی روونی نەبێ بۆ دنیا و شتەکان، هاوکات نەزانێ چۆن بیر دەکاتەوە و مەبەستی لە نووسینەکانی چییە، ئەوە رۆشنبیرێکی تەواو نییە.

* لە نێو "رۆشنبیر"انی ئێستەی کوردستاندا کۆمەڵێک گرووپ ئامادەییيان هەیە، ئێمە دەتوانین بڵێین ئەمانە بنەمایەکی تەندروستیان هەیە بۆ درێژەدان بە کارەکانیان؟ بۆچی ئەم گرووپانە هەردەمێک و کەسێک وەکو "رۆشنبیری گەورەی کورد" دەناسێنن؟

– ئاساییە وردبوونەوە و گەیشتن بە راستی و زانیاریی، هەروەها رات لەسەر دەقێک یان کەسێک، لە قۆناغێک بۆ قۆناغێکی تر بگۆڕێ، بەڵام گۆڕان بە پێی میزاج "مود" و هۆی گەندەڵی و کەوتنە ژێر ئەتمۆسفیری سیاسی و دەستەگەری، راست نییە، چونکە رەنگە زیاتر حاڵەتی پەشێوی ورد دروستنەبوونی باڵانسی دەروونی و هزریی بن.

لە دنیادا، بەرژەوەندیی سیاسەت وەهای کردووە، ئەو سیاسەتە باو بێ، بەڵام لە دنیای ئەدەبدا کە تاکە بەرژەوەندیی وەرگرتنی زەوق و هێنانی جوانی بێ بۆ نێو ژیان، نازانم بۆ ئەوە هەبێ؟

ئەو پرسیارەت شتێکی بیرهێنامەوە – داوای لێبوردن دەکەم، چونکە دیسان نموونەیەک لەسەر خۆم دەهێنمەوە – لە ساڵی رابردوودا برادەرێکی مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردیی ئامادەیی، لە هەولێرەوە ژمارەی تەلەفۆنەکەمی لە برام وەرگرتبوو، تەلەفۆنی بۆ کردم، دوای چاک و چۆنی، ئینجا گوتی: «لە کتێبی وێژە و ئەدەبی کوردیی ئامادەییدا، باسی شیعری پێشڕەو "تەلیعی" لە هەولێر کراوە، ناوی تۆیان پشتگوێ خستووە، چونکە

ئاگەداربووم "عەباس عەبدوڵلا و تۆ و دڵشاد عەبدوڵلا" لە نیوەی دووەمی حەفتاکاندا ئەو بەزمەتان نایەوە. لە بیرم دێ کە نووسەری ناسراو "مەحموود زامدار" پێی دەگوتن: "سێکوچکەی شیعری کوردی لە هەولێر". دوای لە هەشتاکان شاعیری تر پەیدابوون، ئەوانیش ئەزموونەکەیان دەوڵەمەندتر کرد، بۆیە زۆرم پێ غەدرە ناوی تۆیان پەڕاندووە»، منیش گوتم: «هیوادارم بێ ئاگایی و نەزانیی ئەو نووسەرانەی بێ کە ئەو کتێبەیان داناوە، نەک پشتگوێ خستن و "موود" و دڵڕەشیی».

هەمووممان لەسەر ئەوە کۆکین کە مێژوو سەرکەتوو دەینووسنەوە و بێ لایەن نییە، بەڵام کە دێینە سەر گێڕانەوەی مێژووی داهێنان، ئەگەر سیاسییانە و دەروونەخۆشانە باسی مێژووی ئەدەب بکەین، ئەوجارەیش دەیلێمەوە "گەندەڵییە".

* نووسەران هەمیشە لە سەفەرێکدان لەگەڵ خۆیان و لەگەڵ دنیا، ئاخۆ تۆ لەو سەفەرەتدا بە کوێ گەیشتووی؟

– سەفەر لەگەڵ نووسین کۆتاییی نییە. هەرکتێبێک کە چاپی دەکەی، یان دەقێک کە دەینووسی، وێستگەیەکە بۆ پەڕینەوە، پەڕینەوە بۆ هەرێمێکی تری ژیان و دنیایەکی جیاوازی نووسین.

فیزیکی بەوزستان لە شاری "دۆستن" و تەمپریڤەردا، پەنجا لە ژێر سفرە لە ماڵی نووسەری ناوداری کەنەدی "برتن"م، لە نزیک بازنەی بەستەڵەکی باکوور، پێش ئەوەی بمرێ ماڵەکەی بە هەموو شتێکەوە پێشکێش کردووە بە نووسەرانی نێونەتەوەیی کەنەدا، ئەوانیش هەرسێ مانگ جارێک وەک رێزلێنان دەیدەن بە نووسەرێکی ناسراوی کەنەدی و مووچەی مانگانەی دەدەنێ، بۆ ئەوەی بچێتە ئەو شارە و ئەزموونێکی تازەی نووسینی هەبێ. ئەو پرۆگرامە چەند ساڵێکە بە بەردەوامیی سەرپەرشتی "رایتەرس ترێست ئۆف کەنەدا" بەڕێوەدەچێ. من یەکەمین نووسەری نێونەتەوەییم کە بچمە ئەو شوێنە و ئەزموونی نووسینیشم هەروا بەڕێوەن و لە گەشتی ئەزەلی و رەهادان، دەزانم ناگەنە جێ، بەڵام ئێستە زیاتر بە دڵنیاییەوە دەنووسم و لەو شتانەی دەیاننووسم، وەکو جاران زوو لە بەرچاوم ناکەون.